سەرۆکایەتی سوریا: شەرع و ترەمپ کۆمەڵك پرسی ناوچەیی و نێودەوڵەتییان تاوتوێکرد

سەرۆکایەتی کۆماری سوریا ئەمە دوشەممە ڕایگەیاند، ئەحمەد شەرع سەرۆکی سوریا بە سەردانێکی فەرمی بۆ ئەمریکا گەیشتە کۆشکی سپی و لەگەڵ دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی ئەمریکا کۆبۆوە و لە دیدارەکدا کە یەکەم دیدارە لە جۆری خۆیدا لە ماوەی دەیان ساڵدا، تاوتوێی کۆمەڵك پرسی ناوچەیی و نێودەوڵەتیان کرد.

بەوتەی سەرۆکایەتیی سوریا، ئەحمەد شەرع بە سەردانێکی فەرمی بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا گەیشتە کۆشکی سپی و لەلایەن دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی ئەمریکاوە پێشوازی لێکرا، هەردو سەرۆك کۆبونەوەیەکیان ئەنجامدا، بە ئامادەبونی ئەسعەد شەیبانی وەزیری دەرەوەی سوریا و مارکۆ ڕۆبیۆ وەزیری دەرەوەی ئەمریکا.

لەڕاگەیەندراوەکەدا سەرۆکایەتی سوریا باسی لەوەشکردوە، پەیوەندییە دوقۆییەکانی نێوان کۆماری عەرەبی سوریا و ئەمریکا تاوتوێکران، هەروەها ڕۆگاکانی بەهێزکردن و پەرەپێدانیان، ئەمە جگە لە کۆمەڵك پرسی ناوچەیی و نێودەوڵەتی کە بەرژەوەندی هاوبەشیان لەسەرە.